# دیسان لەسەر دەستگیرۆیی و خەڵات

دەربارەی ئەو نامە سێ قۆڵییەی بە سەرکردایەتی فەرهاد شاکەلی کە خوای ئەو بەزم و ڕەزمە و فیزلێدانەیە و لەم زرووفەدا دەڵێی بۆ کەرکوکیان کۆکردۆتەوە بیخەنەسەر کوردستان، یان مافی ژنانی پەرێشانی کورد وەدەست بێنن.
من بە هۆی ئەوەی خۆم لە نزیکی ئەو جێگای یارمەتی دانەوە لەگەڵیاندا کار دەکەم، دەمەوێ خەڵەتی ناو نامەکەی ئەوان بخەمە ڕووی خوێنەرانی بەڕێزم:

ئەو یارمەتیە یەکێتی نووسەرانی سوید نایدا (وەك لە نامەکەی ئەواندا هاتوە و هەر هەندە حاڵیبوونە)، بەڵکو فۆند(کۆمەك)ی نووسەرانی سوید دەیدا، بە چ جۆرێك پەیوەندیی بە یەکێتی نووسەرانەوە نییە، بەم شێوەیە: لە سوید دوو جۆرن:
1- (författarförbund) بە کوردی دەکاتە (یەکێتی\فیدراسیۆنی نووسەرانی سوید).
2- (författarfond) بە کوردی دەکاتە (کۆمەکی نووسەرانی سوید).
ئەوەی بە قەولی نامە سێ قۆڵیەکە دەستگیرۆیی دەکات بە نووسەران، ئەوەی دووەمیانە (författarfond) نەك یەکێتی نووسەران، چونکە(författarfond) یەکێتی نووسەران نیە.

وەکی دی:
1- (författarförbund) (یەکێتی\فیدراسیۆنی نووسەرانی سوید) هەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە بۆ یارمەتی و هەر شتێکی تر کە ئەندام بن تیایدا وساڵی 1300 کرۆنی سویدی هەقی ئەندامەتی بدەن.
2- (författarfond) (کۆمەکی نووسەرانی سوید) هەموو نوسەرێك دەتوانێ داوای کۆمەکی لێ بکات تەنانەت ئەگەر ئەندامیش نەبێت لە یەکێتی نووسەراندا، هەر تەنها لە سوید بژی. ئەمەش دەکرێت کەسانی ناسراو و بەتوانا خەڵك بپاڵێون بۆ ئەوەی کۆمەکی پێ بدرێت. زۆر لەوانەی کۆمەك وەردەگرن، لای خەڵکی ترەوە دەسنیشان کراون و پاڵێوراون.

جا لێرەدا من مەبەستم ئەوەم نیە کە ئەو برادەرانە لەمێژساڵە ئێکسپایەر بوونە و دەیانەوێ خۆیان پێشان بدەن و دوای خۆیان مەملەکەتی ئەدەبی کوردی کوێر بکەنەوە. بەڵآم دەبا ئەوانیش وەکی خەڵکەکە لەم زرووفەدا شتێك بچێنن. با ئەو شوێنانەش ئەمان دەسنیشانیان کردوون،ئەو هەواڵە ئەدەبییانە لابەرن، نەوەکا لە گەورەیی ئەم جەماعەتە مەغدووره کەم بێتەوە.

پرسیارەکەش لەوەدایە کە ئەم ڕاپۆرتنووسانە بە هەمان شێوەش ڕاپۆرتیان نووسیوە بۆ (författarfond) (کۆمەکی نووسەرانی سوید) لەسەر داوای فەرهاد شاکەلی و نارەزاییان دەربریوە کە بۆ وا کۆمەکی نووسەرانی کورد دەکەن. لە وەختێکدا سەدان نووسەری هەر لە سۆمالیاوە تا باشووری ئەمەریکا یارمەتی دەدرێن، ئەمانە دەیانەوێ ناوی نووسەرانی کورد زڕ بکەن. ئایا وەکو کورد ئەم کارەتان پێ باشە؟ ئایا ئەم ڕاپۆرتانە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی زەمانی زوو دەتاننووسی، جیاوازیان هەیە؟ هەی عەوافی نووسەری خۆبەدێوزانی کورد

ڕادەگەیەنم کە ئەو ئیمزایانەی ئەوان تەنها بە مەستە و هیچی تر. بۆیە واز لەو کارانەیان بێنن باشترە و خەمیشیان نەبێ بۆ ئەوانیش شتێك دەمێنێ.
هەردی کاکەیی 2005\1\30 سوید